# لێکدانەوەیەکی هەژارانە
# بۆ
# نــاڵەی جــودایی هێمن(1)

زریان سەرچناری

2014

(1) بۆیە ئەو ناوەم لێناوە چونکە بۆ لێکدانەوەی هەندێك وشە سودم لە هەمبانەبۆرینەی هەژار وەرگرتووە.

# نــاڵەی جــودایی

| | |
|---|---|
| **ســاقیا ! وا بـــادەوە، وا بـــادەوە**<br>**ڕوو لە لای من کە بە جامی بادەوە** | ساقیا: ئەی ساقی.<br>وا بادەوە : واوەرە.<br>بە جامی بادەوە: بەجامی شەرابەوە. |
| **موشتەری وەك من لە مە یخانێ کەمن**<br>**زۆربەیان شاد و بە کەیف و بێ خەمن** | |
| **مەی حەرامە بۆ سەهەندە و بێ خەمان**<br>**مەستی بێ خەم بۆچی بگرن ئیخەمان ؟** | سەهەند: دڵشاد.<br>هەڵبەتە شەراب بۆ هەموکەس حەرامە نەك تەنها بۆچین و توێژێك. |
| **ئــەم شــەرابە تــاڵــە دەرمانی خــەمــە**<br>**لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە** | |
| **ئــەم شــەرابە ئــاڵە بــۆ بــێ دەرد نــی یە**<br>**لێی حەرام بێ ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نی یە** | |
| **بۆ کەسێکە مەی ، چزیلکی پێوە نێ**<br>**بۆچی ملهوڕ لێرە بینی پێوە نێ ؟!** | چزیلك: خواردنەوە بەئاستەم.<br>ملهوڕ: شەلاتی. |
| **بۆ کەسێکە مەی : کە دەردی کارییە**<br>**بێ خەمێك بیخواتەوە ، زۆرداریيە** | دەردی کاری: دەردی سەخت، دەردی گران. |
| **بۆ کەسێکە مەی : دڵی پڕ بێ لە داخ**<br>**بۆچی لێی بخواتەوە بەرزە دەماخ ؟!** | داخ: خەفەت و ناخۆشی کە وەکو ئاگر دڵ داخ دەکات.<br>بەرزە دەماخ: لوت بەرز، بەفیز. |

| | |
|---|---|
| **ئەو كەسەی بێ كەس نییە و خانە خەراپ<br>دەك بە ژاری ماری بێ بادە و شەراب !** | خانە خەراب: ماڵوێران.<br>بادە: شەراب ، مەی، مەشروب. |
| **ئەو كەسەی نەیچێشتووە دودی ژیان<br>ئەو كەسەی نەیدیوە ئێش و برك و ژان ،** | ئێش و برك و ژان: هاو واتان. |
| **ئەو كەسەی نەكرا نیشانەی تیری خەم ،<br>شـانی دانـەخزا لەبـن بـاری ستەم ،** | |
| **ئەو كەسەی هەستی بە زۆرداری نەكرد ،<br>تیخی زۆرداری برینداری نەكرد ،** | تیخ: بڕندە ، چەقۆ ، موس گوێزان. |
| **ئەو كەسەی دەستی لە ئەوكێ بەر درا ،<br>ئەو كەسەی دوژمن لە ماڵی دەركرا ،** | ئەوك: گەرو، قورگ. |
| **ئەو كەسەی نەیبینی هاتی دوژمنی ،<br>نیری یەخسیری لە ئەستۆ داڕنی ،** | یەخسیر: ئەسیر ، دەست بەسەر. |
| **ئەو كەسەی هێندە نەبوو زویر و زگار ،<br>وا نەكەوتە بەر چە پۆكی ڕۆژگار ،** | زگار: عاجز، كز و دڵ بەغەم. |
| **ئەو كەسەی نەی هاڕی بەرداشی زەمان ،<br>ئەو كەسەی < زیڕەی نەگەییە ئاسمان >** | « لە فۆلكلۆرەوە وەرگیراوە.» |

| | |
|---|---|
| ئەو کەسەی دووریی عەزیزانی نەدی ، | عەزیزان: ئازیزان، خۆشەویستان. |
| تیر و تانەی بێ تەمیزانی نەدی ، | بێ تەمیز: ناپاک. |
| تۆزی بەدبەختی لە سەر شانی نەنیشت ، | |
| لێی نەگیرا دەور و پشت و چوار تەنیشت ، | |
| بۆ دەبێ بێت و بکا مە یخانە تەنگ ؟! | |
| شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتە و جەفەنگ .. | جەفەنگ: ڕابواردن، گاڵتەو گەپ. |
| ئەو کوڕەی هێشتا لە ژوانێ ڕێی هەیە ، | |
| سەیرە زۆر سەیرە کە ئالوودەی مەیە . | ژوان: یەکتر بینینی خۆشەویستان. |
| | ئالودە: گیرۆدە. |
| ئەو کەسەی ڕاوی نەنێن لێرە و لەوێ ، | |
| ئەو کوڕەی ماچی کچانی دەس کەوێ ، | |
| ئەو کوڕەی دۆی داوەتێ دەستی دەنێ ، | دۆ: دۆتە، کچ. |
| بێتە ئێرە چۆنە هەی دێی ناکەنێ ! | داوەتی: دەعوەت، ئاهەنگ، شایی. |
| ئەو کەسەی < دەستی لە مەمکان گیر ببێ > | « لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە . » |
| ئەو کەسەی < تفڵی دڵی بۆ ژیر ببێ > | « لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە . » |
| | تفڵی دڵی بۆ ژیر ببێ : ئەوەی دڵی دەیخوازێ بەدەستی بهێنێت. |
| ئەو کەسەی پە نجۆڵە بکوشێ جار و بار ، | |
| ئەو کەسەی دەستی بگاتە گەردنی یار ، | |

| | |
|---|---|
| **ئەو کەسەی ڕاموسیێ کوڵمەی تاس و لووس**<br>**ئەو کەسەی تێی هەڵنەدابێ چارەنووس ،** | ڕاموسیێ: ماچ بکات، بمژێت. |
| **ئەو کەسەی بمژێ خوناوەی گەردەنێ ،**<br>**کوفرە یەك قەترە شەرابی گەر دەنێ ..** | گەردەنێ: گەردن، سینە و مەمك.<br>گەر دەنێ: ئەگەر بیدەنێ. |
| **ئەو کەسەی ئاسوودە و خۆش ڕاییوارد ،**<br>**قەت خەمی یەخسیر و کۆیلانی نەخوارد ،** | یەخسیر: دیل، گیراو، حەپس. |
| **یەك لە ماڵێ چاوڕێی بێ بێتەوە،**<br>**دەرکی نێو ماڵێکی لێ بکرێتەوە ،** | دەرك: دەر، دەرگا، قاپی. |
| **خەم ڕەوێنێك گوێ بداتە ڕازی ئەو ،**<br>**نازەنینێك بێ بکێشێ نازی ئەو ،** | |
| **بگرێ پە نجەی نەرم و نۆڵی ناسکێ ،**<br>**بۆی کرابێتە سەرینێ، باسکێ ،** | |
| **هەیبێ هێز و گورد و تین و تاو و گوڕ**<br>**ڕۆژگاری ڕەش نەبێ، بەختی مگوڕ ،** | مکوڕ: سەخت، بەدبەخت. |
| **ئەو کەسە جێگای لە مە یخانێ نی یە .**<br>**ئەو کەسە بادە و شەرابی بۆ چی یە ؟!** | |

| | |
|---|---|
| ساقیا ، وا وەرگەڕێ ، وا وەرگەڕێ !<br>ڕوو لە لای من کە، مەچۆ بۆ سەرپەڕێ .. | |
| لەنگەرێ بگرە ، مەبە وا بەرزە فڕ<br>بێنە بۆمن ، بێنە بۆمن ، جامی پڕ | |
| مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ<br>بۆ منی سەرگەشتە وو ڕووت و ڕەجاڵ | سەرگەشتە: سەرگەردان.<br>ڕووت و ڕەجاڵ: هەژارو نەدار. |
| بۆ منی بابردەڵەی گردەنشین<br>بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆر و برین | بابردەڵە: بێ جێگەو لانە.<br>ناسۆر: دومەڵ: برین. |
| بۆ منی ئاوارە وو دوورە وەتەن<br>بولبولی بێ بەش لە گوڵزار و چەمەن | وەتەن: وطن: نیشتمان. |
| پەڕ وەریوی، باڵ شکاوی، دەنگ بڕاو<br>بێ بژیوی، بەش خوراوی ، دەرکراو | |
| پیری زورهانی ، کەنفتی، دەربەدەر<br>دیدەسووری ، دڵ مەکۆی دەرد و کەسەر | کەنەفت: زۆرپەرێشان. پەککەوتە.<br>دیدە سور: چاو بەگریان.<br>مەکۆ: شوێنی کۆبونەوە.<br>کەسەر: خەم و خەفەت. |
| داتە پیوی، بێ پەسیوی بێ قەرار<br>بێ کەسی ، دەستەشکاوی ، کۆڵەوار | پەسیو: پەنا، حەشارگە. |

| | |
|---|---|
| لێوبەباری، دەردەداری، ڕەنجەڕۆ<br>شاعیری جوانی پەرستی دڵ بە سۆ .. | بەسۆ: بەئازار، بەژان. |
| ساقیا ! بۆ کوێ دەچی ، بۆ کوێ دەچی ؟<br>تۆش لە بەر ئەو ملهوڕانە ملکەچی ؟ | |
| تۆش بە ڕەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو ؟<br>چاوی تۆشی هەڵفریواند زێڕ و زیو | فریوخواردن: هەڵفریواندن: هەڵخەڵەتان. |
| تۆش دەگوڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر ؟<br>کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوە ! | دەگەڵ: لەگەڵ.<br>کەنگێ: کەی؟ چ کاتێ؟ |
| زێڕ بەڵایە، بێ وەفایە دەوڵەمەند<br>هەر هونەر نەمرە، هونەروەر مەرد و ڕەند | مەردو ڕەند: هاو واتان. |
| ‹ چڵکی دەستە ماڵی دنیا › وەك دەڵێن<br>ماڵ پەرست پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن | « لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە . » |
| قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵ پەرست !<br>جوان پەرستە پیری خاوەن زەوق و هەست | |
| نا مەچۆ ، جوانێ مەچۆ ، واوە مەچۆ !<br>تۆ فریوی زێڕ و زیوی وان مەخۆ ! | وان: ئەوان. |

| | |
|---|---|
| ئەو هەوەسبازانە جێی متمانە نین<br>هەر دەزانن گوڵ چنین و بەی ڕنین | |
| وا وەرە، دەی وا وەرە ، نێزیك بە لێم<br>بمدەیە مەی ، بمدەیە مەی تا دەڵێم : | |
| ‹ مست مستم ساقيا، دستم بگير !<br>تا نيفتادم زپا دستم بگير › | « نیوەی ئەم بەیتە، هی شاعیرێکی فارسە و نیوەی تری هی مەولانا جەلالەدین مەولەویی بەلخی یە .» واتا<br>ساقی مەستم ئاوەرە دەستم گرە<br>تا نەکەوتومە زەوی دەستم گرە. |
| جا کە سەرخۆش بووم بە دەنگێکی نەوی<br>بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی ( مەولەوی ) | |
| ‹ بشنو از نی چون حکایت میکند<br>از جدائیها شکایت میکند › | « ئەم بەیتە ، هی مەولانا جەلالەدینی مەولەویی بەلخی یە .» واتا<br>گوێ لە شمشاڵ گرە باست بۆدەکا<br>ڕازو نیازی دابڕان لای تۆ دەکا |
| گوێم دەیە ئەی دیدە مەستی قیت و قۆز !<br>تا بناڵێنم وەکوو بلوێر بەسۆز | بلوێر: شمشاڵ، نەی، فلوت. |
| نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر<br>جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر | ئەسەر: أپر: شوێنەوار. |
| بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە<br>شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە | |

| | |
|---|---|
| **لێم گەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون**<br>**لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون** | ئەشك: فرمێسك، ئەسرین، ئەسر. |
| **شیوەنی من شیوەنی ئینسانی یە**<br>**بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانی یە** | |
| **شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە**<br>**ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و، هەشە** | |
| **با لە زارم بێتە دەر پشکۆی شیعر**<br>**با فراوان تر بکەم ئاسۆی شیعر** | زار: دەم. |
| **پارچە گۆشتێکە دڵی من، ڕوو نییە**<br>**ناڵە ناڵی من درەنگە ، زوو نییە** | |
| **دەردی دووری .. دەردی دووری کوشتمی**<br>**دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی** | |
| **یادی یاران و وڵاتم ڕۆژ و شەو**<br>**لێی حەرام کردم قەرار و خورد و خەو** | خورد: خواردن. |
| **خەم ڕەوێنێك لێرە من ناکەم بەدی**<br>**چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی! ئەدی!؟** | ئەدی: چۆن؟ |

| | |
|---|---|
| نابینم خاك و وڵات و شاری خۆم<br>نابینم ناسیاو و دۆست و یاری خۆم | |
| ڕوو لە هەر لایەك دەكەم نامۆیە بۆم<br>نابینم جێ ژوان و کەونە لانی خۆم | نامۆ: غەریب،غەوارە.<br>کەونەلان: کۆنە ماڵ. |
| شەو دەکێشم شەونخوونی و بێ خەوی<br>ڕۆژ دەچێژم دەرد و داخی بێ ئەوی | |
| چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من ؟!<br>چۆن لە ئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من ؟! | دەستەو ئەژنۆ بون: نیشانەیە بۆ بێتاقەتی. |
| چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە ؟!<br>بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە | ئەنگاوتە: پێکراو، تیرلێدراو. |
| ژانی ناسۆری جوداییم چێشتووە<br>هەرچی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە | ناسۆر: برین. |
| هەڵبڕاوم من لە یاری نازەنین<br>دەرکراوم من لە خاکی دڵنشین | هەڵبڕاوم : دورخراومەتەوە. |
| بوومە ئاوارە و پەڕیوە دوور وڵات<br>کەوتمە نێو وردە داوی ڕێی نەجات | |

| | |
|---|---|
| **بەکرە شۆڤارە ئەوەی مووخەی چنیم**<br>**زێی مەم و زینان وڵاتی لێ تەنیم** | بەکر مەرگەوەڕ: تێکدەری نێوانی مەم وزین.<br>زێ: درك، درو. |
| **کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەك ( مەم )ێ**<br>**( یایە زین ) لە کوێیە هاواری کەمێ !** | یایە: وشەی ڕێز بۆ خوشك: دادە. |
| **کوا ( قەرە تاژدین )( چەکۆ ) و ( عرفۆ ) لە کوێن؟!**<br>**بێنە هانام وەك پڵینگی چەنگ بەخوێن.** | |
| **( لاس )ـە شۆڕێك بووم غەنیمی دوژمنان**<br>**ئێستە ئەنگواوم بە تیری چڵکنان** | ئەنگواوم: پێکراوم. |
| **وام بە تەنیایی لە نێو خوێناو شەڵاڵ**<br>**کوانێ عێل و کوانێ ( خانزاد ) و ( خەزاڵ ) ؟!** | |
| **زۆر لەمێژە نارەناری منی نەبیست**<br>**هەروەکوو ( شەمزین )، ( شەمیلە )ی خۆش دەویست** | نارەنار: لۆرەلۆر: گۆرانی لەسەرخۆو بەدەم خۆوە. |
| **وەك ( سیامەند )ێ لە چۆڵ و بەندەنێ**<br>**جەرگی لەت کردووم پەلی دارە بەنێ** | |
| **شەتڵی جواناوم منی ساردە برین**<br>**کوا ( خەج )م تا بۆم بگێڕێ گەرمە شین ؟!** | |

| | |
|---|---|
| **مانگی ‹کانوونیْ به چلوان دەرکرام ›**<br>**وەك ( برایم ) لەو وڵاتە ڕاونرام** | « ئەم تاکە ، لە بەیتی برایمۆك وەرگیراوە .» |
| **کوا ( پەریخان ) بەند و باوم بۆ بڵێ ؟!**<br>**بۆ نەسووتێم نە بمە پۆلووی سەر کڵێ ؟!** | پۆڵۆ: سکڵ. پشکۆ. |
| **ئەو لە زۆزان، من لە ئارانێ دەژیم**<br>**کێ دەڵێ ئەمنیش ( وەلی دێوانە ) نیم ؟!** | زۆزان: کوێستان.<br>ئاران: گەرمیان. |
| **کوردەواری ، ئەی وڵاتە جوانەکەم !**<br>**ڕۆڵەکەم ! خێزانەکەم ! باوانەکەم !** | |
| **ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە**<br>**ئێستە بم بینن ئەرێ دەمناسنەوە ؟** | |
| **ڕۆژگار هاڕیومی وەك ئەسپۆنی ورد**<br>**هێز و توانای لێ بڕیوم دەردە کورد** | ئەسپۆن: گیایەکە دەهاڕدرا وەك صابون سودی لێوەردەگیرا. |
| **بوومە گەپچاڕ و دەکا گاڵتە بە من**<br>**ئەو ڕمووزنەی زەندەقی چوو بوو لە من** | گەپچاڕ: گاڵتە جاڕ. گەمە جاڕ.<br>ڕموزن: دێوی ناشرینی ئەفسانەیی. |
| **ئەی ڕەفیقان، ئەی عەزیزانی وڵات !**<br>**ئەی برای هاوسەنگەری جەرگەی خەبات !** | |

| | |
|---|---|
| **گەر دەناڵێنم ، ئەمن پەك کەوتە نیم**<br>**تێدەکۆشم بۆ وەسڵ تاکوو دەژیم** | |
| **کۆششی من زۆر بە جێیە و زۆر ڕەوا**<br>**چونکە قانوونی تەبیعەت وایە ، وا :** | قانونی تەبیعەت: یاسای سروشت. |
| **‹ هر کسی کو دوور ماند از اصل خویش**<br>**باز جوید روزگار وصل خویش ›** | « ئەم بەیتە هی مەولانا جەلالەدینی مەولەویی بەلخی یە . » واتا<br>هەرکەسێ دورخرایەوە لە وڵاتی خۆی<br>هەر دەناڵێنێ لە بۆ جێ ژوانی خۆی |
| **ڕێگە دەبڕم ، کوانی هەنگاوم شلە**<br>**ڕاستە بێ هێزم، دەکەم ئەمما ملە** | ملە: تەکان، هەوڵ |
| **هەر دە پێوم کێو و شاخ و چۆڵ و دەشت**<br>**دێم بەرەو کوێستان بەرەو باخی بەهەشت** | |
| **دێم بەرەو زیخ و چەو و کانیاوی خۆم**<br>**چۆن لەوانە وەردەگێڕم چاوی خۆم** | |
| **دێم بەرەو ئەو دار و بەرد و بەندەنە**<br>**دێم بەرەو ئەو باخ و مێرگ و چیمەنە** | بەندەن: چیا، کێو شاخ.<br>زوورگ: تەپۆڵکە.<br>تەلان: =بەندەن |
| **دێم بەرەو زوورك و تەلان و کەند و لەند**<br>**دێم بەرەو بژوێن و زەنوێر و زەمەند** | کەند: تەپۆڵکە. لەند: بەرزای زەوی.<br>بژوێن=زەمەن: زەوی پڕلەگیاو لەوەڕ. |

| | |
|---|---|
| **دێم بەرەو پاناوك و هەوراز و نشێو**<br>**دێم بەرەو ئەشكەوت و زەندۆڵ و پەسێو** | پاناوك: گۆمی ئاو لە دەشتدا.<br>زەندۆڵ: درزی زل لە زەویدا.<br>چلورە: میچەك.<br>شێخاڵ: باریکە بەفری سەهۆڵ بەستوی کە درەنگ دەیکاتەوە. |
| **دێم بەرەو بەفر و چلوورە و بەستەڵەك**<br>**دێم بەرەو شیخاڵ و ڕێچکە و ڕەشبەڵەك** | ڕەشبەڵەك: پەڵە پەڵەی بەفر.<br>چۆم: چەم |
| **دێم بەرەو لێڕ و چڕ و بەستێن و چۆم**<br>**دێم بەرەو هەڵدێر و گێژ و بەند و گۆم** | هەڵدێر: تاڤگە./ بەند: بەنداو.<br>هۆبە: جێگەی کۆمەڵە چادرێ پێکەوە. |
| **دێم بەرەو هۆبە و هەواری با سەفا**<br>**دێم بەرەو لادێ، بەرەو کانگای وەفا** | |
| **دێم ببینم نیشتمان و زێدەکەم**<br>**دێم ببینم خزم و کاك و دێدەکەم** | زێد: شوێنی لەدایك بونز |
| **دێم و دەگرم بازی بێری شۆخ و شەنگ**<br>**دێم و دەگرم دەستی دۆی جوان و چەلەنگ** | جوان و چەلەنگ: هاو واتان. |
| **دێم گراویی خۆم لە باوەش وەرگرم**<br>**دێم نەهێڵم بەرهەڵست و بەرگرم** | |
| **دێم و هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد**<br>**دێم و دەچمە شەوڕنی بێستانی کورد** | |

| | |
|---|---|
| **دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەراب**<br>**ماچی شیرین نایەڵێ تامی شەراب** | تامی شەراب: تاڵی شەراب. |
| **دێم و ناترسم لە پەرژینی بە (زی)**<br>**هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی** | زی ( درِوو ،درِك )<br>پەری: فریشتە مەلائیکەت.<br>دێوەزمە: دێوی ئەفسانەیی. |
| **تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم**<br>**دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم** | |
| **دێم هەتا هەمبێ برِست و بیر و هۆش**<br>**گەر گلاشم ، کوردەواری و ئێوە خۆش** | برِست: هێزو تواناو وزە. |